# پاشاگەردانی لە ڕێنووسی زمانی کوردی دا!

وەک ئەزانین لەم ماوەدا رەشنووسی دەستووری ئێراق ئامادە کرا.
لە گەڵ ئەوەدا زمانی وەرگێڕانی رەشنووسەکە ئاسان و ڕەوان نییە، بەڵام خودی ئەو ئەرکەی کە ئەنجامیاندراوە خزمەتێکی گرنگە و پێویستە بە سپاس کردنە!
ئەگەر بەوردی مادده بە مادده و بەند بە بەند بیخوێنیەوە دەبینین خودی رەشنووسەکە پڕیەتی لە شەرت و مەرج و ئەگەر ئەما. ئەگەر ناوی راستەقینەی بۆ دیاری بکرێت، دەبێ ناوی بنێین‹ئەگەرستان› نەک رەشنووسی دەستوور.
هەمووکمان ئەوەمان لە یادە، پێشتر رابەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان باسی ئەوەیان دەکرد، کە لە دەستووردا باسی ئێراقی فیدڕاڵ و کوردستانی فیدڕاڵ و **سنورەکانی** ئەو دوو فیدڕاڵە دەسنیشان دەکرێت، هەروەها دەیانکوت: مافی، دیاری کردنی مافی چارەنووس لە دەستووردا دەبێ بنووسرێت.
دەستوور نووسرا، بەڵام بێ باسکردنی خاڵانە!
لە خوێندنەوەی ئەو رەشنووسەدا چەند خاڵێک سەرنجی نووسەری ئەم چەند دێڕەی بەلای خۆدا راکێشاوە، لێرەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم ئاماژە بە یەکێک لەو خاڵانە بکەم، ئەوەیش ماددەی ‹٤› سەبارەت بە زمانی کوردییە کە بەو جۆرەیە:
{(**ماددەی** ‹٤›:

**یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردووکیان زمانی فەرمی عێراقن. مافی عێراقییەکان زامن دەکات بە فێر کردنی منالانیان بە زمانی دایک وەک تورکمانی یان سریانی لە دەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بە گوێرەی پڕەنسیپە پەروەردەییەکان. یاخود بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگا فێرکاری بە تایبەتەکاندا.**
**دووەم: چوارچێوەی زمانەوانی زمانی فەرمی دیاری دەکات. و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئەم ماددەیەش دیاری دەکات بە یاسایەک کە ئەمانە دەگرێتە خۆ:**
**أ ـ دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانەکە.**
**ب ـ قسەکردن و گفتوگۆ کردن و دوان و دەربڕین لە بوار فەرمییەکاندا وەک ئەنجوومەنی نوێنەران ‹پەرلەمان›و ئەنجوومەنی وەزیران. و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان. بە هەریەک لەو دوو زمانە.**
**ج ـ دان نان و ئیعتراف کردن بەو بەڵگە فەرمی و گۆڕینەوەکان بە هەر دوو زمان و دەرکردنی بەڵگە فەرمییەکان بە هەر دوو زمانەکە.**
**ـ کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەر دوو زمان بە پێی پڕەنسیپ و مەرجە پەروەردەییەکان.**
**ە ـ هەر بوارێکی دیکە بنەمای یەکسانی دەیگرێتەوە. وەکو کاغەزی پارە پەساپۆرتی سەفەر و پۆلەکان.**
**سێیەم دەزگا و دەستە ئیتحادییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەر دوو زمانەکە بەکار دەهێنێت.**

**چوارەم: هەردوو زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمین لەو ناوچانەی کە بونیان هەیە تیایدا.**
**پێنجەم: بۆ هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک هەیە کە زمانێکی ناوچەیی‹محلی›دیکە بکاتە زمانی فەرمی زیاد گەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەر دا.**). سەرچاوە سایتی ئەنتێرنێتی ‹بروسکە›.

*

با لەدەسکەوتی ئەم خاڵە بکۆڵینەوە.

یەکەمین دەسکەوتی بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە **کورد بە ڕەسمی بوو بە نێراقی**.

با لە پیادە کردنی زمانی فەرمی و ڕەسمی کوردی لە ئێراقدا بکۆڵینەوە. لە بەندی سێیەمی ئەو مادەدا بەو جۆرە نووسراوە: **سێیەم دەزگا و دەستە نیتحادییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەر دوو زمانەکە بەکار دەهێنێت**.

‹هەر دوو زمانەکە› مەبەست زمانی کوردی و عەرەبییە. ئەگەر زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی زمانی فەرمی و ڕەسمی ئێراق بێت، پێویست بە نووسینی ئەو بەندە ناکات و خودبەخود وەک زمانی عەرەبی هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێراق لە ئیدارە و قوتابخانە و زانستگادا بەکار دەبرێت. مەبەست لە نووسینی ئەو ڕستە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئەوە دەدات بەدەستەوە کە زمانی کوردی تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا بەکار دەبرێت، بەڵام زمانی عەرەبی دەبێ لە سەرتاسەری ئێراقدا بەکار ببرێت.

با بزانین ئەم زمانە کوردییەیش کە بووە بە زمانی فەرمی و ڕەسمی لە لایەن خودی خۆمانەوە چۆناوچۆن پەروەردە کراوە و چۆناوچۆن بەکار براوە، با سەیری چەند نموونەیەکی بکەین.

{(**دوای هوشدارییەکەی سەرۆک بارزانی**
**حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ بە هەموو ئەندامەکانیەوە جارێکی دیکە سوێندی یاسایی دەخۆنەوە**).
‹ ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٧٨٨ دووشەممە ١٩ی گوڵانی ٢٧٠٥ کوردی›}.

{(**دوای نارەزایی کوردو لیستی هاوپەیمانی کوردستان**
**حکومەتی نوێی عیراق سەرلەنوێ سوێندی یاسایی خواردەوە**).
‹کوردستانی نوێ ژمارە ـ ٣٦٦٧ سێشەمە ٢٠٠٥/٥/١٠›}

(حکوومەت بە ‹٢ و›) ـ (حکومەت بە ‹١ و›) ـ (عێراق بە‹ێ›ی قەڵەو) ـ (عیراق بە‹ی›ی باریک) کامیان دروستە؟!

ئەگەر لە بەیانی فۆرمی زمانی کوردی و جۆری دوانی زمانی کوردی بڕوانین، پتی **ع** لە پێش پتی **ی** و **ێ** دا بەو جۆرەی کە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسیدا بە **ع** بەیان دەکرد،

نییە، بەڵکو بە شێوەی پیتی‹ئ› دێتە سەر زمان. لە سەر هەمان شێوە پچوکتان دەنووسێت **ئێراق**.

ئەگەر سەرنج بدەین لە بەیان و دوانی هەندێ ناوچەی کوردستان کە دوورن لە سنووری زمانی عەرەبی و فارسی ئەو باسەمان تا رادەیەک بۆ روون دەبێتەوە. لەو ناوچانەدا ناوی عومەر بە هۆمەر- عوسمان بە وەسمان بەیان دەکرێت. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پتی **ع** لە سەرەتای وشە لە زمانی کوردیدا بە ریتمی و ئاهەنگی زمانی عەرەبی و فارسی بەیان ناکرێت. نازانم ئەو شیکردنەوەم دروستە یا هەڵەیە؟

لە درێژەی هەمان پاشاگەردانی و بێ سەروبەرەی لە نووسینی کوردیدا با سەرنجێک لەو چەند نموونەی خوارەوە بدین

وشەی **مەسعود**، لە کوردیدا وەک ناو بەکار دەبرێت. بابزانین چۆنی دەنووسین:

{( **بەڕێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی سەردانی یەکتریان کرد**. ‹کوردستانی نوێ چاپی دەرەوە ژمارە ‹ ٥٧ ئۆکتۆبەری ١٩٩٨›.}.

{( **بۆ برای بەڕێز مام جەلال/ دکتۆر بەرهەم**
**لە مسعود بارزانی یەوە**

هەواڵی تێرۆر کردنی کاک بەرهەم تاوانێک نییە تەنها لە دژی (ی.ن.ک) بێت؛ بەڵکو لە دژی پارتیشەو لە دژی ئەزموونی گەلەکەمانە.).

(**سەرۆک بارزانی بەشداری لە پرسەی نووسەرو ڕووناکبیری کورد خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعود محەمەد دەکات**). ‹رۆژنامەی برایەتی ژمارە‹ ٣٦٥٢ ›پێنج شەممە ٤ی نیسانی ٢٠٠٢ }.

{(**سەرۆک مسعود بارزانی سوێندی یاسایی دەخوات و بۆ یەکەمجار کوردستان سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی دەبێت**). رۆژنامەی خەبات ٢٠٠٥/٦/١٢}

{(**تەنانەت رۆژنامە نووسێک دەنووسێت و دەڵێت: ئێستا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا مەسعوود بارزانی دایدەنێت**.)

‹گۆڤاری گولان ژمارە- ٨٧ ـ ١٩/ ٩/ ١٩٩٦ فەلەکەدین کاکەیی.}

{(**لە فیدراڵی کەمتر یەکسانە بە سفر**.... **مهاباد قەرەداغی** ٢٠٠٤ /٩/١١
خوێندنەوەیەک بۆ وتارەکەی ڕۆژنامەی خەبات و چاوپێکەوتنەکەی کەناڵی ـ العربیه ـ ی بەرێز مەسعود بارزانی.)‹ سایتی کوردستان نێت}.

لەو سێ رێنووسەی(**مەسعود ـ مسعود ـ مەسعوود)کامیان دروستە؟**!

ئەو چەند نموونە وەک هەڵەی ئیملای دەسنیشان نەکراون، بەڵکو وەک شێوازی نووسین دەیان و سەدان جار بەکار براون، دەتوانن چاوێک بەو رۆژنامە و گۆڤار.... بگێڕن تا ئەو باسەتان بەجوانی بۆ دەرکەوێت!

لێکۆڵینەوە لەو باسە واتە رێنووسی زمانی کوردی کاری کەسانێکە کە لەو بوارەدا شارەزاییان هەیە، نەک من! ئەوانەی کە دەسنیشان کراون وەک کەموکوڕی نووسراوەی هەستم پێکردووە، بە پێویستم زانی سەرنجی شارەزایانی بۆ راکێشم. هیوادارم رێنووسێکی یەکگرتوومان ببێت و هەموومان دەستوورەکانی پەیرەو بکەین.

سەعی سەقزی قایشی
٢٠٠٥/٩/١١